حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر
کۆلێژی ئاداب
بەشی کۆمەڵناسی

# هۆکارەکانی لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر

**توێژینەوەیەکی دەرچوونە**

**پێشکەش بە کۆلێژی ئاداب/ بەشی کۆمەڵناسی کراوە، وەکو بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس**

توێژەران
شەونم فیصل رفیق
کەژال کەمال رسول

بەسەرپەرشتی
م.ی. کامران جوهر عبدالله

2022زاینی 1443 کۆچی 2722 کوردی

**بۆ/ سەرۆکایەتی بەشی کۆمەڵناسی بەڕێز**

ئەم توێژینەوەیە کە ناونیشانی (هۆکارەکانی لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان) لە خۆگرتووە، لە ژێر چاودێری من لە بەشی کۆمەڵناسی- زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر-کۆلێژی ئاداب ئامادە کراوەوەک بەشێک لە پێداویستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە کۆمەڵناسی.

تکایە ئەم توێژینەوەیە بۆ هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردن بکرێت، بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست

واژۆ

سەرپەرشتیار

م.ی. کامران جوهر عبدالله

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| بۆ سەرۆکایەتی بەشی کۆمەڵناس | أ |
| ناوەڕۆک | ب |
| پێشەکی | |
| تەوەری یەکەم/ لایەنی تیۆریٔ توێژینەوە | |
| بەشی یەکەم/ ڕەهەندەکانی توێژینەوە و پێناسەی چەمکەکان | |
| باسی یەکەم/ ڕەهەندەکانی توێژینەوە | |
| گرفتی توێژینەوە | |
| ئامانجی توێژینەوە | |
| گرنگی توێژینەوە | |
| باسی دووەم پێناسەی چەمکەکان | |
| پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان | |
| بەشی دووەم/ توێژینەوەکانی پێشووتر و تاوتوێکردنیان | |
| باسی یەکەم/ توێژینەوەکانی پێشووتر | |
| باسی دووەم/ تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشووتر | |
| بەشی سێیەم/ هۆکارەکانی لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان | |
| باسی یەکەم/ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان | |
| باسی دووەم/ هۆکارەکانی لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان | |
| تەوەرەی دووەم/ لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە | |
| بەشی چوارەم | |
| 1. - ڕەهەندەکانی توێژینەوە | |
| 2. - کۆمەڵگەی توێژینەوە | |
| 3. - میتۆدی توێژینەوە | |
| 4. - بوارەکانی توێژینەوە | |
| 5. - ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و کەرستە ئامارییە بەکارهاتووەکان | |
| بەشی پێنجەم/ خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکان | |
| باسی یەکەم:- خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییە گشتییەکان | |
| باسی دووەم:- خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییە تایبەتەکان | |
| کۆتایی:- دەرئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکان | |
| لیستی سەرچاوەکان | |
| پاشکۆکان | |

**پێشەکی**

نووسینی هەر توێژینەوەیەکی زانستی پێویستی بە ڕێگا و میتۆدی زانستی هەیە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بابەت و ناونیشانەی کە توێژەر هەڵیبژاردووە بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەسەری، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بە شێوەیەکی زانستی و بابەتییانە باس لە هۆکارەکانی لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بکرێت بە شێوەی گشتی.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو تەوەرەی سەرەکی پێکهاتووە:

تەوەرەی یەکەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکەیە بریتییە لە سێ بەش، بەشی یەکەم تایبەتە بە ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و پێناسەی چەمکەکان، ئەمەش دوو باس لەخۆ دەگرێت، باسی یەکەم ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە کە پێکهاتووە لە گرفت و گرینگی و ئامانجەکان، باسی دووەم بریتییە لە چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە وەکو (پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان) هەروەها بەشی دووەم دوو باسە، باسی یەکەم توێژینەوەکانی پێشوو خراوەتە ڕوو، باسی دووەم تاوتوێی توێژینەوەکانی پێشووتر کراوە. دواتر لە بەشی سێیەم باس لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کراوە لە دوو باس پێکهاتووە، باسی یەکەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و چەمکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، باسی دووەمیش هۆکارەکانی لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

ئێمە وەک کۆمەڵناسێک پێویستە هۆکارەکانی لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕوون بکەینەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان تاکەکان. دەروازەی دووەمی ئەم توێژینەوەیە باس لە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە دەکات کە تێیدا باس لە میتۆد و جۆری نمونەی توێژینەوەکە و هەروەها کۆمەڵگای توێژینەوە، هەروەها لایەنە مەیدانییەکانی تری توێژینەوەکە لەم تەوەرەدا باسی لێوەکراوە.

# تەوەری یەکەم/ لایەنی تیۆری توێژینەوە

## بەشی یەکەم/ ڕەهەندەکانی توێژینەوە و پێناسەی چەمکەکان

### باسی یەکەم/ ڕەهەندەکانی توێژینەوە

**١ـ گرفتی توێژینەوە:-**

خاڵی دەستپێک لە هەر توێژینەوەیەک بریتییە لە هەستکردن بە بوونی گرفتێک کە لە هزر و بیری توێژەر دایە بە شێوەی پرسیارێک سەرهەڵدەدات، دواتر لەم پرسیارەوە توێژەر پرسیارەکانی دادەتاشێت و لە میانەی توێژینەوەکەیەوە بەدوای ساغکردنەوەی ئەو پرسیارانە دا دەگەڕێت و بە شێوەی زانستی وەڵامیان دەداتەوە و یەکلاییان دەکاتەوە بە ڕاست و ناڕاست.

گرفتی توێژینەوە بریتییە لە چڕکردنەوەی بابەتەکە لە پرسیارێکی کورت و سەرەکیدا پێی دەڵێن گرفتی توێژینەوەکە یان پرسیاری توێژینەوەکە.

لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا و بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆژیای نوێ و زۆربوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تا دێت پەیوەندییەکان کەمتر و لاوازتر دەبن وە لای خۆشیانەوە هاوڵاتیان هۆکاری کەمبوونەوەی ئەم جۆرە پەیوەندییەن. گرفتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لە هۆکارەکانی لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

**٢ـ گرنگی توێژینەوە:-**

هەموو توێژینەوەیەک گرنگی تایبەتی خۆی هەیە کە دەبێت لە دوو تەوەرەدا خزمەت بە ڕەوتی زانستی و ژیانی مرۆڤەکان بکات.

تەوەرەی یەکەم:- بریتییە لە بواری تیۆری، دووەم لایەنی مەیدانی. گرنگی ئەم توێژینەوەیەش لەوەدا دەردەکەوێت کە دیاردەیەکی بەرچاوی گرنگی ناو کۆمەڵگەیە بە تایبەتی لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکەن شی بکەینەوە. هەروەها لە بارەی گرنگی توێژینەوەکانی کۆمەڵناسی خزمەتێکی زۆر بە زمان و فراوانکردنی مەودای تێگەیشتنی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە دەکات کە توێژینەوەکە بە زمانی ئەو نووسراوە.

گرنگی تیۆری خۆی لە گەیاندنی پەیامە تیۆرییەکانی ئەو بابەتە دەبینێتەوە کە توێژەر ئەیەوێت توێژینەوەی لەسەر بکات، لایەنی دووەم بواری مەیدانییە گرنگی مەیدانی لە چارەسەرکردنی لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەردەکەوێت. لەم ڕوانگەوە گرنگی ئەم توێژینەوەیە چارەسەرکردنی ئەم گرفتانەیە کە دەبێتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندییەکان وەک ئامرازەکانی تەکنەلۆژیا و هۆیەکانی ڕاگەیاندن و چەندین هۆکاری تر هەن.

**٣- ئامانجی توێژینەوە:-**

ئامانجی هەر توێژینەوەیەک وەسف و ڕاڤە و شرۆڤەکردنی دیاردەیەک و دۆزینەوەی پەیوەندییەکانی نێوان بەشەکانی ئەو دیاردەیە و پەیوەندی دیاردەکە بە دیاردەکانی تری دەوروبەری یان نزیک لەو دیاردەیە بن، هەروەها بۆ گەیشتن بە گشتاندنی ئەنجامەکانی بەسەر هەموو دیاردە هاوشێوەکان یان یاسای گشتی دروستبوون و ڕێڕەوی دیاردەکە و توانای پێشبینیکردنی بۆ دووبارە بوونەوەی، دواتر کۆنترۆڵکردنی تا بە بەرژەوەندی مرۆڤایەتی ئاراستە بکرێت، ئەو بابەتەی توێژینەوەکەی لەسەر کراوە ئامانج بە گشتی (تێگەیشتن، شرۆڤەکردن، پێشبینی، کۆنترۆڵکردن).

ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا دەبێت بگەین بەم ئامانجانەی خوارەوە:

١ -ئایا گەشەکردن و پێشکەوتنی لایەنی ماددی هۆکارێکە بۆ لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان؟

٢ -ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای پەیوەندی چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر پەیوەندییەکان؟

٣ -هۆیەکانی ڕاگەیاندن کاریگەرییان هەیە لەسەر لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان؟

٤ -ئایا لاوازبوونی باوەڕ (ئیمان) چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان؟

## باسی دووەم/ پێناسەی چەمکەکان

چەمکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:

لەڕووی زمانەوانییەوە لە فەرهەنگی لارۆسدا پەیوەندیکردن بەم شێوەیە پێناس کراوە: گەیاندنی شتێکی دیاریکراوە لە (ڕا – نامە – زانیاری).

مۆسکۆڤیسی دەڵێ: گەیاندن بریتییە لەو نامە زمانی و نا زمانیانەی (وێنە = ئاماژە) ی لەنێوان تاک و کۆمەڵەکاندا ئاڵوگۆڕ دەکرێن و گەیاندنی زانیاریی و کارتێکردنە لەوانی تر. هەروەها مستەفا حیجازی لە کتێبی "پەیوەندیکردنی کاریگەر لە پەیوەندییە مرۆیی و کارگێڕییەکان" دا پەیوەندیکردن لە ڕووی زمانەوانییەوە بەم شێوەیە پێناسە دەکا: - لە بنچینەدا بریتییە لە پەیوەندی نێوان شتەکان و گەیشتن بە مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراو. (حوسێن ٢٠٢١)

پەیوەندی کۆمەڵایەتی:- بریتییە لە تۆڕێکی پەیوەندی لە نێوان پێگە کۆمەڵایەتییەکان، بەشێوەیەکی سیستەماتیک کارلێک دەکەن، ئەم کارلێکە سیستەماتیکە یەک ناونیشان و ناسنامەیەکی کۆمەڵایەتی گشت و هاوبەش بە ئەندامانی کۆمەڵگە دەبەخشێت. (زێباری و شوانی / ٢٠١٣ : ١٥٠ ) لە پێناسەیەکی تردا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:- بریتییە لەو پەیوەندییەی کە لە کۆمەڵێک تاک پێک دێت، ئەم تاکانە هەم لە تواناییان و هەم لە ئیمتیازاتیشدا جیاوازن. سەرەڕای ئەمەش هەموویان وەک یەک لە ناو پەیوەندییەکەدا پەیوەستن. (خەیری خەمەش / ٢٠١٢ : ٣٢٤)

هەروەها پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:- بەو ڕایەڵە بەیەکبەستراوە دەوترێت کە تاکێک لەناو کۆمەڵگا بە تاکەکانی دیکەوە دەبەسترێتەوە ئیتر پەیوەندی بە لایەنی خزمایەتی یان هاوڕێیەتی یان هەر هۆکارێکەوە هەبێت کە تاکەکانی کۆمەڵگە لە یەکتر نزیک دەکاتەوە. (کۆمەڵایەتی / ٢٠١٠ / گوڵانی میدیا) هەروەها پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:- بریتییە لە بەستنەوە و پێکەوەبوونی تاکەکان بۆ بەردەوامیدان بە ژیان و هاوکاری کردن و بەردەوامبوونی یەکتری و هاوکاری خۆشەویستی گۆڕینەوە لەنێوانیان وە بەبێ بوونی هیچ بەرژەوەندییەکی خودی وە گۆڕینەوەی هەستەکان بۆ یەکتری و دەستگرتنی بۆ بەردەوامی ژیان. (زبید : ٧٩)

لە پێناسەیەکی تردا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:- مۆرکێکی یەکەمی هەیە و کۆمەڵگا قەبارەیەکی بچووکی هەیە، یارمەتی تاک دەدات بە ئاسانی بتوانێت هەموویان یان زۆربەی تاکەکانی تری کۆمەڵگا بۆ ماوەیەکی درێژ بەشێوەی ڕێژەیی بناسرێت. ( زێباری و شوانی / ٢٠١٣ ) هەروەها پەیوەندی کۆمەڵایەتی:- کەناڵێکە کە تاکێک بەیەکێکی تر دەبەستێتەوە لەبەر ئەنجامی کارلێکێکی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕوو یان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئامرازی پەیوەندی بینینەکی یان بیستەکی یان خوێندنەوەیی کە تاکەکان بە پەیوەندییەکی چارەنووساز نابەستێتەوە وەکو ئەوەی پەیوەندی خوێنەکی دەیکات هەروەها بەرپرسیاریەتی و ملکەچبوون ناخاتە ئەستۆی تاکەکان. (خلیل / ٢٠٠٧ : ١٤٦)

**پێناسەی ڕێکاری** پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:- بریتییە لە پەیوەندی نێوان تاکێک لەگەڵ تاکێکی تر لە کۆمەڵگادا بە یەکەوە کارلێک دەکەن، ئەو تاکانە خۆیان دەتوانن ئەو پەیوەندییەی نێوانیان لاواز بکەن یان بەهێز بکەن لە ڕێگای هەندێک هۆکارەوە دەتوانن بەردەوامی بەو پەیوەندییەی نێوانیان بدەن.

## بەشی دووەم/ توێژینەوەکانی پێشووتر و تاوتوێکردنیان

### باسی یەکەم/ توێژینەوەکانی پێشووتر

1. توێژینەوەی (پەیمان عبدالقادر مجيد عظيم) بە ناونیشانی (دور القنوات الفضائية التلفزيونية في تغير القيم الأجتماعية – دراسة ميدانية في مدينه السليمانيه) (عظيم، ٢٠٠٦)

ئەم توێژینەوەیە لە ساڵی ٢٠٠٦ لە شاری سلێمانی ئەنجامدراوە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە تەلەفیزیۆنییەکان لە گۆڕانی بەها کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها ڕەفتارەکان و چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردە خراپەکان و باشەکانی کەسی دەکەوێتەوە. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی مێژوو و بەراوردکاری وەسفی بەکارهێنراوە. هەروەها کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە ناوەندی شاری سلێمانی وە نموونەی توێژینەوەکەش بریتییە لە نموونەی هەڕەمەکی چینایەتی کە ٢٥٠ نموونەیی وەرگرتووە لە ڕێگەی تێبینی و چاوپێکەوتن وە هەروەها فۆڕمی ڕاپرسی وە ئامرازەکانی وەک ڕێژەیی سەدی و ناوەندی ژمێریاری و پەیوەست بیرنامە و لادانی پێوەری کاتیدا بەکارهاتووە بۆ شیکردنەوەی داتاکان.

### وە گرنگترین ئەنجامەکانی:

- کەناڵە ئاسمانییە تەلەفیزیۆنییەکان هەندێک لە بەها کۆمەڵایەتییەکان لاواز دەکات.

- دەبێتە هۆی گۆڕانی ڕەفتاری تاکەکان بە ئاراستەیەکی خراپ وە هەروەها بۆتە هۆی پڕکردنەوەی کاتی دەست بەتاڵی.

2. توێژینەوەی (هێمن باقر عەبدول) بە ناونیشانی:- (ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکانی دامەزراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی لە تێکەڵکردنی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان بە کۆمەڵگە– توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە دامەزراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی شاری سلێمانی) (هێمن باقر عەبدول – ٢٠٢١)

ئەم توێژینەوەیە لە ساڵی ٢٠٢١ لە شاری سلێمانی ئەنجامدراوە.ئامانجی توێژینەوە دەرخستنی واقیعی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی کە کار بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان دەکەن وە زانینی پەیوەندی نێوان ئەو دامەزراوانە کە کار بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان دەکەن لەگەڵ جەماوەری گشتی. هەروەها زانینی ئاستی سوود وەرگرتن لە هۆکارەکانی پەیوەندی جەماوەر لە دامەزراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ تێکەڵکردنی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان بە کۆمەڵگا. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهێنراوە، هەروەها کۆمەڵگای توێژینەوە هەموو ئەو تاکانە دەگرێتەوە کە دەکەونە چوارچێوەی توێژینەوەکە. سەرجەم دامەزراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە ناو شاری سلێمانی وەرگرتووە ژمارەیان (٦) دامەزراوەیە کە (١٠٠) کەسن و لەم ژمارەیە (١٦) کەسیان بە مەبەستی جێگیرکرنی فۆڕمی توێژینەوە سوودیان لێ وەرگیراوە وە ئامرازی فۆڕمی توێژینەوە وە فۆڕمی ڕاپرسی سەرەتایی وە چاوپێکەوتن هەروەها تێبینی و ئامرازە ئامارییەکان بەکارهاتوون.

### گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە:-

سەبارەت بە چالاکی پەیوەندییە گشتییەکان ٦٩٪ ئاماژە بەوە دەکەن دامەزراوەکانیان ئاهەنگ و بۆنەی کۆمەڵایەتی ساز دەکەن بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان وە هەروەها سەبارەت بە ئاستی سوود وەرگرتن لە هۆکارەکانی پەیوەندی جەماوەری لە دامەزراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی دا ئاماژە بەوە دەکەن وێب وشیارکردنەوەی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان سوود لە ڕاگەیاندن وەرنەگیراوە.

هەروەها ئاماژە بەوە کراوە بە تێکەڵ کردنی خاوەن پێداویستیی تایبەت بە کۆمەڵگا.

3. تـوێژینـەوەی (سـتار علـی احمـد) بە ناونیشـانی (پەیوەنـدی کەنـاڵە ئاسـمانییە کوردییەکـان بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی).

شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەرنامە سیاسییەکانی هەندێ لە کەنـاڵە ئاسـمانییە کوردییەکـان تـوێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر. ئەم توێژینەوەیە لە ساڵی ٢٠١٥ لە شاری هەولێر ئەنجامدراوە. ئامانجی ئەم تەوێژینەوەیە ئەوەیە ئایە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە گەشەپێدانی کۆمەڵگا ڕۆڵیان بینیوە؟ هەروەهـا کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکـان سـەبارەت بە کـاریگەری ڕاگەیانـدن لە بەدیهێنـانی ئاسایشـی کـۆمەڵایەتی هۆشیارن وە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە بەهێزکردنی بنەماکانی ئاسایشـی کـۆمەڵایەتی لە هەرێمـی کوردسـتان ڕۆڵیـان گێـڕاوە؟. لەم تـوێژینەوەیەدا میثـۆدی (مێژوویـی، بەراوردکـاری، شـیکردنەوەی نـاوەڕۆک، وەسـفی) بەکـارهێنراوە. هەروەهـا کۆمەڵگـای تـوێژینەوەکە بـریتییە لە ئەو کۆمەڵگـایەی دەکەوێتە نێو چوارچێوە و سنووری توێژینەوە و بریتییە لە سەرجەم ئەو یەکە و توخمانەی دەکەونە نێو پێکهاتەی کۆمەڵگای توێژینەوە. کۆمەڵگـای تـوێژینەوە کە بەرنـامە سیاسییەکانی ئەو کەنـاڵە ئاسـمانییە کوردیانەن کە پەخشـیان لە نێـو سـنووری جـوگرافی هەرێمـی کوردسـتان بە دیـاری کـراوی بـریتین لە (کوردستان تیڤی، کوردسات، زاگرۆس، سپێدە، گەلی کوردستان، پەیـام، کەی ئێـن ئێـن، ئێـن ئـاڕ تـی، جەماوەر، ڕووداو، ڕێگا). ئەم ئامرازانەی لەم توێژینەوە بەکار هاتوون ئامرازی چاوپێکەوتن، تێبینـی، فۆرمی پێوەرەکانی توێژینەوە.

**گرنگترین ئەنجامەکانیشێ بریتین لە:-**

لێـرەدا تـوێژەر وەسـتاوەتە سـەر دیـاریکردنی دووبـارەی ئەو دەسـتانەی کـۆمەک بە دروسـتکردن و پتەوکردنی هاوبەندی و پرۆسەی هاوکاری کۆمەڵایەتی کە لە ڕێگەیەوە تاکەکان جۆرێک یەکانگیری لە ڕیزەکانی خۆیاندا بەرجەستە دەکەن یاخود بە پێچەوانەوە گوزارشت لەو قەیرانـانە دەکەن کە هاوبەنـدی و یەکانگەری کۆمەڵایەتی تاکەکان لاواز دەکات.

**باسی دووەم/ تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشووتر:**

بۆ تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشووتر لە توێژینەوەکەی (پەیمان عبدالقادر مجید عظیم) دەستپێدەکەین کە تیشکی خستۆتە سەر (دور القنوات الفضائیة التلفزیونیة في تغیر القیم الأجتماعیة) ئەمەش خـاڵێکی هاوبەش لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە کە باس لە هۆکارەکانی لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکـان دەکـات ئەو ئەنجامەی پێی گەیشتووە یەکێک لە هۆکارەکانی ڕاگەیانـدن کە تەلەفزیـۆنە هەمـان خـاڵی هاوبەشـی توێژینەوەکەی ئێمەیە کە بۆتە هۆی ئەوەی وا لە تاکەکان بکات پەیوەندییەکانی نێوانیان لاواز بێت.

هەروەها لە توێژینەوەی (هێمن باقر عەبدول) کە تیشکی خستۆتە سـەر ڕۆڵـی پەیوەنـدییە گشـتییەکانی دامەزراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی لە تێکەڵکردنی خاوەن پێداویستی تایبەتەکـان بە کۆمەڵگا. ئەوەی دەرکەوتـووە لێـرە ئەوەیە دەرخسـتنی واقیعـی پەیوەنـدییە گشـتییەکان و تێکەڵکردنـی تـاک بە کۆمەڵگـا ئەمەش لە توێژینەوەکەی ئێمە نزیکە کە دامەزراوەکـانی چـاودێری کـۆمەڵایەتی پەیوەنـدی نێـوان تـاکە خاوەن پێداویستی تایبەتەکـان بەهێـز بکـات لەگەڵ تاکەکـانی نـاو کۆمەڵگـا ئەو ئەنجـامەش پێگەیشـتووە هۆکارەکـانی پەیوەنـدی جەمـاوەری لە دامەزراوەکـانی چـاودێری کـۆمەڵایەتی ئامـاژە بەوە دەکـات وشیارکردنەوەی خاوەن پێداویسـتی تایبەتەکـان سـوود لە ڕاگەیانـدن وەرنەگیـراوە هەروەهـا ئاماژەشـی بەوەداوە کە خاوەن پێداویستی تایبەت تێکەڵ بە کۆمەڵگا نەکراوە.

وە لە توێژینەوەی (نیـاز علـی احمـد) کە بـاس لە پەیوەنـدی کەنـاڵە ئاسـمانییە کوردییەکـان بە ئاسایشـی کـۆمەڵایەتی دەکـات کە خـاڵێکی هـاوبەش هەیە لەگەڵ تـوێژینەوەی ئـێمە کە باسـمان لەوەکـردووە کە

ڕاگەیاندن چ کاریگەری بەسەر لاوازبوونی پەیوەندییەکانەوە هەیە یەکێک لەو ئەنجامەی کە پێیگەیشتووە گوزارشت لەو قەیرانە دەکات کە هاوبەندی و یەکانگیری کۆمەڵایەتی تاکەکان لاوازدەکات، بەشێوەیەکی گشتی خاڵ و ئەنجامی هاوبەش لە نێوان توێژینەوەکان ئەوە دەسەلمێنێت کە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و یان دوورکەوتنەوەی تاکەکان بەویستی خۆیان ئەمانەن بوونە هۆی لاوازبوونی پەیوەندی نێوانیان ئەمانەش دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە تەکنەلۆژیا و ڕاگەیاندن و چەندین هۆکاری تریش هەن بۆ لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

## بەشی سێیەم/ هۆکارەکانی لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

### باسی یەکەم/ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان (Social Relations) ئەوانەی لە نێوان ئەو تاکانەدا دروست دەبن، کە کۆمەڵگەیەک لە کۆمەڵگە مرۆییەکان لە خۆی گرتوون بە یەکێک لە گرنگترین پێویستییەکانی ژیانی مرۆڤەکان دادەنرێت، هیچ دامەزراوە یان هیچ دامودەزگایەک نییە لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیدا سەرکەوتوو بێت یان ڕێگەی ژیانی بە سەرکەوتوویی ببڕێت، ئەگەر پەیوەندییەکانی ڕێک نەخات و بە وردی ئاراستە سایکۆلۆژییەکانی تاکەکانی نەخوێنێتەوە و لەو ژینگەیە تێنەگات کە لە چوارچێوەیدا دەژین و نەزانێت چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات و چۆن کاریان تێدەکات.

واتە سەرکەوتنی دامەزراوە و دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە لەسەر چۆنیەتی ڕێکخستن و ڕیزبەندکردنی پەیوەندییەکانی ڕاوەستاوە، لێرەوە ژیان لە کۆمەڵگەدا بە شێوەیەک لە شێوەکان مانای ڕێکخستنی بەرژەوەندیی تاکەکان و ئاراستەکردنی ڕەفتاریان بەرامبەر یەکتری دەگەیەنێت، هەروەها هەوڵدانێکە بۆ پۆلێنکردنیان بەسەر گرووپەکاندا بۆ ئەنجامدانی کاری هاوبەش، لە میانەی ئەم پەیوەندییانەی لە نێوانیاندا دروست دەبێت جۆرێک لە پلاندانان و هەماهەنگی لە نێوانیاندا دەبینین، دەکرێ ئەمە بونیادی کۆمەڵایەتی (Social Structure) ناو بەرین، چونکە وەک ئاماژەمان پێکرد خودی بونیادی کۆمەڵایەتی بریتییە لە تۆڕێکی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکانی هەر کۆمەڵگەیەک، ئەمەش مانای کۆمەڵگە واتە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان چونکە هیچ کۆمەڵگەیەک بەبێ هەبوونی جۆرێکی دیاری کراوی پەیوەندییەکان دروست نابێت.

ئەگەر چی ئەم پەیوەندیانە سادە و ساکار بن یان ئاڵۆز و تێکچڕژاو، بەڵام ئەو ڕێگەیە بە کردەی ئەم پەیوەندییانەی کاری پێدەکەن تا کاریگەری بخەنە سەر ژیانی تاکەکان و سروشتی خودی کۆمەڵگەکان، بریتییە لەوەی پێیدەڵێن ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان (Social Function)، واتە چ بونیادی کۆمەڵایەتی وەکو پێکهاتن و چ ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانیش، بوون و سروشت و خەسڵەتەکانیان دەکەوێتە سەر جۆر و شێواز و چۆنیەتیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەهۆی ئەم ئاڵۆزی و تێکەڵاوییەی لە نێوانیاندا هەیە هەمیشە لە باسکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا باس لە سێ تایبەتمەندی گرنگیان دەکرێ، ئەوانەش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئاوێتە، فرە جۆر و تێکچڕژاون.

ئەم خەسڵەت و تایبەتمەندییانەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا لەو پەیوەندییانەدا بەدەر ناکەون کە لە نێوان گرووپ و ژمارەیەکی زۆری تاکەکان دروست دەبێت، بەڵکو ئاوێتەیی و فرە جۆری و ئاڵۆزەکان و تێکچڕژانی پەیوەندییەکان هەتا لەو پەیوەندییانەشدا بەدەردەکەوێت کە لە نێوان تەنیا دوو کەسدا دروست دەبن، لە کاتی توێژینەوە لەم پەیوەندییانە پێویستە لایەنی چەندایەتی پەیوەندییەکە و لایەنی چۆنایەتیی پەیوەندییەکە لەبەر چاو بگرین و لە یەکیان جیا بکەینەوە، یەکەمیان ئاماژە بە چەندایەتیی ئەو کەسانە دەکات کە لەو پەیوەندییەدا بەشداری دەکەن، دووەمیشیان ئاماژە بەو ڕەوشەی پەیوەندییەکە تێیدا دروست بووە، دەکات.

لە ڕووی فرە جۆری پەیوەندییەکانەوە دەشێ ئەم پەیوەندییانە کورت خایەن بن وەکو سڵاو و بەیانی باشێکی دوو کەس، یان گفتوگۆ و وتوێژی نێوان کریارێک و فرۆشیارێک یان خاوەن دوکانێک، هەروەها دەشێ ئەم پەیوەندییانە درێژتر بن لەو جۆرانەی باسمان کرد، تا ماوەیەکی دیاریکراو بەردەوام بن وەکو پەیوەندی قوتابیان و خوێندکاران و کۆلێژەکانیان یان ئەو هاوڕێیانەی چەند ساڵێکی خوێندن پێکەوە دەبەنە سەر، یان دەشێ ئەم پەیوەندییانە هەمیشەیی بن وەکو پەیوەندیی باوک و منداڵەکانی، یان وەکو ژن و مێردایەتیی لە هەندێک کۆمەڵگەدا، یان گەل و حکومەتەکانیان، هەروەها شێوەی پەیوەندییەکان دەکرێ ڕوون و ڕاستەوخۆ بن یان لێڵ و ناڕاستەوخۆ.

بەشێوەیەکی گشتی ئەو هۆکارانەی بوونە دروست بوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بریتین لە تێرکردنی کەسی، واتە لەژێر پاڵەپەستۆی پێویستییە دەروونییەکاندا تاکەکانی کۆمەڵگە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسانی تردا دروست دەکەن، هەروەها بەهۆی بەرژەوەندیی هاوبەش و هێز و پێشبین و پابەند بوون و گۆڕینەوە و ئاڵوگۆڕی هاوبەشەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دروست بوون.

پەیوەندییەکانیش بەپێی جۆری گرووپە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازن و لەناو یەک گرووپیشدا پەیوەندییەکان بەپێی جۆری ڕەگەز و باری کۆمەڵایەتیی و تەمەن و مێژووی یەکترناسین و ماوەی پێکەوە کارکردن دەگۆڕێت.

ئیتر بەهۆی گەشەکردنی دانیشتوان و گۆڕانی قەبارەی گرووپەکان و زیاتر چڕبوونەوەی کۆمەڵگە و ئاڵۆزبوونی شێوازی بەرهەمهێنان و دابینکردنی پێویستییە ماددییەکان و داهێنانی ئامراز و کەرەستەی بەرهەمهێنانی نوێی سروشت و جۆری پەیوەندییەکانیش دەگۆڕێن، هەرچەندە هەریەک لەو هۆکارانە کاریگەری سەربەخۆیان لەسەر سروشتی هاریکاری کۆمەڵایەتیی هەیە، بەڵام هەموویان پەیوەستن بە یەکەوە و تێکەڵی یەکتر دەبن، چونکە گەشە کردن لە قەبارەی دانیشتوان هەر تەنها مانای زۆربوونی چڕی کارلێکی کۆمەڵایەتی ناگەیەنێت، بەڵکو مانای دەرکەوتنی پێداویستی نوێش دەگەیەنێت، ئەمەش پێویستی بە دەرکەوتنی کار و پیشەی نوێ هەیە، بۆ پێشکەشکردنی کاڵا و خزمەتگوزاری لە پێناو تێرکردنی پێداویستییەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی جۆراوجۆربوونی چالاکییە ئابوورییەکان،، یان گەشەی دابەشکردنی کار، ئەمەش بە ڕۆڵی خۆی سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێت، کە پلەبەپلە سروشتێکی ئاڵۆز و پراگماتیانە وەردەگرێت، کە پشتگیری چالاکییە ئابوورییە نوێیەکان دەکات. (زێباری و شوانی / ٢٠١٢ : ١٥٠)

**لێرەدا سێ هۆکار هەیە کە پێویستە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە هەندی وەربگرن:**

١ -بەشێوەیەکی گشتی تاکەکەس هەموو ژیانی لەناو کولتوورێکی دیاریکراو و چەند گروپێکدا بەسەر دەبات کە ئەو کولتوورەیان لێ پێکهاتووە. ئەو واتا و شارەزاییانەی کە یەکەی کۆمەڵایەتی دروستی دەکات دەتوانێت لە تاکدا چەشنی دیاریکراو لە ڕێگای ژیان دروست بکات کە یارمەتی دەدات بۆ ڕاڤە و وەڵامدانەوەی ژینگەکەی، پاشان خودی تاکایەتی یاخود کەسێتیی و ڕەفتارەکان هەموویان بەرهەمی ئەو ژیانە کۆمەڵایەتییەن کە بەشێکن لێی.

٢ -ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تاکەکان لەگەڵ تاکەکانی تردا ڕووبەڕوو دەبێت بەو پێیەی پێداویستی و کردەکانیان بەیەکەوەیە، پاشان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ڕاستەوخۆکانی تاک زۆر گرنگە لە دیاریکردنی ئەوەی چۆن هەڵسوکەوت دەکات، بەپێچەوانەوە تایبەتمەندییە کەسییەکانی ئەو ڕەفتارە دیاری ناکەن.

٣- خەڵک بەشێکی زۆری ژیانیان لەنێو گروپەکاندا بەسەر دەبەن، هەربۆیە پێگەیان لەنێو گروپەکاندا و پێداویستییەکانیان و هەروەها خودی بونیادی گروپیش کاریگەرییەکی بەهێز لەسەر ڕەفتاری تاک دروست دەکات. (الغزوي و فذاعلة وعمر والبنوي والطاهر (٢٠٢٠))

## تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان




### باسی دووەم/ هۆکارەکانی لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

### هۆکاری یەکەم: ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای پەیوەندی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

دیارە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانمان لە سەردەمی سۆشیال میدیادا بە بڕوای من تێکچووە وە بووە هۆی لاوازی و پچڕانی و بە دڵنیاییەوە هۆکارگەلێکی زۆر هەن کە بووە هۆی ئەوە، بەڵام ئەمانە گرنگترینن،

پێم وایە زۆر کەس پێیان وایە تەکنەلۆژیای مۆدێرن بە پێشەنگایەتی مۆبایلە زیرەکەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک و تویتەر و ئینستاگرام و تیک تۆک کاریگەری لەسەر ئەم پەیوەندیانە داناوە و کوشتوویانە و بووە هۆی دابڕانی کۆمەڵایەتی لە نێو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا، بەڵام هەندێکی تریش هەن کە ڕەچاوی ئەوەش دەکەن کە تەکنەلۆجیا پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە هەمەجۆر و بەهێزەکان و تۆڕەکانی لە کۆمەڵگادا دامەزراندووە. بۆیە مەسەلەی دیبەیت مایەوە، ئایا بەڕاستی ئەم تەکنەلۆجیایە توانیویەتی ببێتە ئامرازێک بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان کۆمەڵگاکان بەگشتی.؟

یان بەپێچەوانەوە، هەستی پەیوەندی کەم دەکاتەوە، دەبێتە هۆی جیابوونەوە، لێکترازانی لە پەیوەندیەکانمان، و هەستە کۆمەڵایەتیە ڕاستەقینەکانمان؟

ئەگەر وابێت، پێتوایە ڕێگاچارەکان بۆ گەڕانەوە بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بەهێزەکان کە بازنەکانی کۆمەڵگا ڕێکدەخەن و بەهێزبوونی ئەم پەیوەندیانە لە کوێدایە؟ سەرەتا دەمەوێت بگەڕێمەوە مێژوو و ئەو هۆکارانەی کەوا فیسبوک لەسەری دامەزرا و گەشەی کرد و بووە ئەو تۆڕەی کەوائێستا بەملیۆنان بەکاربەری هەیە، ئەوەلەبیر نەکەین کەوا مرۆڤ لەخودی ناخیەوە کەسێکی کۆمەڵایەتیە و حەز بەپەیوەندی دەوروبەردەکات و ناتوانێت بەتەنیا هەڵکات، وەبەهۆی تەکنەلۆژیاوە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە جەستەییەکان واتا ئامادەکی لەدەوری یەکتری بەرەو لاوازی چون و ئەم بیرکردنەوەیە هاتە ئاراوە کە هەر لەڕێگەی تەکنەلۆژیاوە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان توندوتۆڵ بکرێنەوە لەوانەش فیسبووک.

فیسبووک لەساڵی 2004 لەلایەن مارک زوکربێرگ دروستکرا، کەتایبەت بوو بەپەیوەندی کردنی ژمارەیەک قوتابی لەزانکۆی هارفارد، دواتر فراوان کرا بۆ سەرجەم زانکۆکانی ویلایەتی بۆستن، دواتریش سەرجەم زانکۆکانی ئەمریکا و کەنەدای لەخۆ گرت، سەرەتا مارک وێنەی ئەو قوتابیانەی دزی کە لەبەشە ناوخۆییەکانی زانکۆی هارفارد دەژیان، دواتر لەساڵی 2006 فەیسبووک بۆ خەڵکی بەردەست بوو بەتایبەت ئەوانەی تەمەنیان لە 13 ساڵ زیاترە و ئیمێڵێکی کارایان هەیە، وە لەساڵی 2008 فەیسبووک بەدەیان زمانی زیندووی جیهانی بەردەست بوو، بەشداربوانیش گەیشتە سەروی 100 ملیۆن کەس لەجیهان، وە لەساڵی 2010 توانرا وێنە لەفیسبووک بەکوالێتی بەرز بڵاو بکرێتەوە، قۆناغ بەقۆناغ پێشکەوتنی بەخۆوە بینی خزمەتگوزاریەکانی زیادکرد، بۆنمونە دروستکردنی چات ڕووم و گڕوپی فیسبووک و لاپەڕەکان و .......هتد. ( متى ظهر الفيسبوك في العالم ، ويكليبيديا)

ئێستا لە بۆنەکان یان پشووەکان، زۆرینەیان پەنا دەبەنە بەر پەیامی SMS بۆ گەیاندنی پیرۆزباییەکانیان، بۆیە مرۆڤ تا ئەو کاتەی ناونیشانی ئەم ڕووداوانە بێت لە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ئازادە و بەڕای من پەیوەندی ڕاستەوخۆی خەڵک بە دیارترین مانیفێستی ڕووداوەکان و پشووەکان ماوەتەوە بەڵام لە سەردەمی ئێستاماندا یان لە سەردەمی تەکنەلۆجیا، ئەم ڕۆژە بە سوپاس بۆ ئامرازە مۆدێرنەکانی پەیوەندی گۆڕا. ئایا تۆ لەگەڵ ئەم هاوکێشەیەیت؟ ئەو پرسیارانەی کە خستمانە سەر مێزی دیالۆگ، گفتوگۆ، من هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە کە تەکنەلۆجیا هۆکارێکە بۆ ئەوەی باندەکە جیاببنەوە، هەرچەندە جیهان دەخاتە دەستت، بەڵام وا نییە ، بوێری و تۆزێک لەئازادی بەڵام دەبینیت خۆت دابڕاوە لەو واقیعە نامۆیەی ناو ماڵ و ئەگەر حەزت لێیە پرسیار لەو کەسانە بکە کە حەزیان لە سەرکێشییە و سەفەر دەکەن لە کێوەکاندا کە هیچ شتێکی مۆدێرنی تێدا نییە هەست بە تامێکی جیاواز بۆ ژیان و ڕیتم بکات باشترین کات دوور لە دەنگی تەلەفۆن و دیمەنی تەلەڤزیۆن. (بقلم مارك فيسكيتي بتاريخ 12 ديسمبر 2016, التكنلوجيا و علاقات الاجتماعية)

یەکێک لەو گۆڕانکارییە بنەڕەتیانەی کە تێبینیم کردووە ئەوەیە کە خەڵک توانای مانەوە بە تەنیایان لە دەست داوە. بۆ نموونە لە وێستگەکانی چاوەڕوانی و ڕیزەکانی پارەدان لە سوپەرمارکێتەکان یان هەر هۆڵێک، تێبینی ئەوەی کرد کە هەر کەسێک تەنها یەک چرکە بۆشایی هەبوو، ئەو بە خێرایی چوو بۆ گرتنی تەلەفۆنەکەی و شێواندن لەگەڵی. هەموو توێژینەوەکان دەڵێن کە توانای تاکەکان بۆ ڕزگاربوون بە تەنیا کاڵبوونەوە، ئەوەی ڕوودەدات ئەوەیە کە ئێمە ئەو ساتە لە دەست دەدەین کاتێک کە ئێمە ڕۆژانە یان خۆ ڕەنگدانەوەمان دەکرد، وە تۆ کۆتایی دێت بە سەیرکردنی جیهانی دەرەوە، بیهێنە بەرچاوت کە ئەو ساتانە لە دەست بدەیت کە لەگەڵ خۆتدا هاوبەشی دەکەیت چۆن پەیوەندیەکانت لەگەڵ ئەوانی تردا هەیە بەداخەوە تەکنەلۆجیا واتە شمشێرێکی دووبەرەکی و زۆربەمان سنوردارکردنی نەرێنیان بەکاردێنین هەمان خێزان دەدۆزیتەوە، تۆ دانیشە بۆ سەیرکردنی تەلەڤزیۆن، بۆ نمونە، هەموو کەسێک بە تەلەفۆنی خۆی دەدۆزیتەوە، کەس قسە ناکات، هەموو کەسێک بەشدارە لە جیهانی ڕاستەقینەی خۆیدا.

زۆرترین کاریگەری نەرێنی منداڵان و هەرزەکاران و ماوەی دروستکردنی کەسایەتی و منداڵ پێویستی بەکات هەیە بۆ یاریکردن و بیرکردنەوە لەدەوروبەری و کارلێککردن لەگەڵیدا بەڵام ئێستا

تەختەکە و ئایۆنەکە جیهانی ڕاستەقینەی ئەون، و ئەو زۆربەی کاتەکانی بەسەر دەبات. (شيري توركل. عالِمة متخصصة في علم الاجتماع.

مكان العمل: معهد ماساتشوستس للتكنولوجيا.

اسم الكتاب: كيف يتفاعل الناس مع التكنولوجيا وكيف يؤثر ذلك على العلاقات الإنسانية.)

چارەسەری کێشەکە بۆ ئێمەیە، ئێمە ئەو کەسانەین کە بە هەڵە بەکاری دەهێنین و دووبارە ئەنجامی دەدەینەوە، ئێمە ئەو کەسانەین کە هەڵەمان کرد، وە دووبارە ئەم کارە دەکەینەوە، خەڵکێکی زۆر هەن، کاتێک لە کارەوە دەگەنە ماڵەوە، مۆبایلەکانیان دەکوژێننەوە و هەموو کەسێک دەبێت بیکات بۆ ئەوەی هەمووان بتوانن بەشێوەیەکی کاریگەر پەیوەندی بکەن، وە من ئەوە بە ڕێگایەکی کاریگەر دەزانم بۆ پتەوکردنی پەیوەندیەکان دووبارە، هەندێک ئەکاونتەکانی تویتەر و ئینستاگرام و فەیسبووکی خۆیان هەڵوەشاندەوە و بە ڕاستی ئەمەیان کردووە جگە لە فەیسبووک بەکاری هێناوە بۆ کارکردن، کاتێکی دیاریکراوی بۆ تەرخان کراوە تا ئێستا بە تەواوی بەکارم نەهێناوە، ڕەنگە تەکنەلۆجیا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاری کردۆتە سەر پەیوەندی ڕاستەقینەی نێوان تاکەکانی سەر زەوی، بەڵام ئەو نەبوو، بۆیە ئاماژەی بەوەدا کە ئەوە ناڕاستەوخۆ بوو چونکە تەنیا مەوداکانی نزیک کردەوە و پەیوەندی دووری لەوێ دروست کرد، بەڵام ئەو داوای لێکردین کە هەموو پەیوەندییەکانی نێوانمان لە دوورەوە دروست بکەین بۆیە کێشەکە لە ئێمەدایە و لە تەکنەلۆجیا نییە، ئێمە ئاسانترین هەڵبژێرین و هەموو شتێک هەڵبژێرین لە کاتێکدا لە شوێنەکەماندایین، تەکنەلۆجیا خراپترینمان نیشان دا، کە لە سەرەتاوە لەوێ بوو. ئەگەر سەیری کێشەکان بکەیت لە سایتەکانی پەیوەندیدا دەیدۆزیتەوە کە بە سوکایەتی لە خزم و خێزان و هاوسەر و هەمووان کۆکراوەتەوە،لایەنێک کە خۆی بە ڕاست و دروست دەبینێت ئێمە هەڵەی یەکتر قبوڵ ناکەین و لەیەکتر خۆش نابین و هەمووان دیانەوێت دووربکەونەوە و لە هەمانکاتدا چاوەڕێی کەسانی تر دەکات کە هەوڵ بدەن لێی نزیک ببنەوە، تەکنەلۆجیا هیچ شتێکمان نەنوسیوە و نە قسەمان کردووە و نە فەرمانی پێ کردووە، بۆیە ئەو زیانەی لە ئێمە هەیە تێیدا نییە، تەکنەلۆجیا وای کردووە تاکێک بگاتە هەر کەسێک و لە هەموو جیهاندا قسە بکات و پەیوەندی و هەوڵی تاک کەمبکاتەوە لە بیرکردنەوە لە ڕازیبوونی سۆزداری هەرچییەک بێت، هەروەها بووە هۆی دروست کردنی لێکتێگەیشتن، سەرەڕای تێگەیشتن و لێک نزیکبوونەوەی نێوان تاکەکان، بەڵام گفتوگۆکە لە ڕێگەی پەیامەکانەوە لاوازە و دەربڕینەکان ناتەواون و لێکتێگەیشتن دروست دەکەن کە دەبێتە هۆی کەڵەکەبوون کە دەبێتە هۆی پەیوەندیەکان بۆ ناو ماڵەکان، لێکتێگەیشتن لە کۆبوونەوەکانی ژیانی ڕاستەقینەدا لە نێوان تاکەکاندا ڕوودەدات، کەواتە ئەگەر لەسەر شاشەیەک بێت کە هیچ دەربڕین و هەستێک دروست نەکات، ئەمە دەبێتە هۆی لاوازی لە بنیاتنان و بەردەوامی پەیوەندیەکان، تەکنەلۆجیا ڕێگایەکی باش دەمێنێتەوە بۆ پاراستنی کات و هەوڵ، بەڵام لە گرتنەبەری هەڵوێستی ڕەخنەیی و قسەی گرنگ، کارەساتێکی ڕاستەقینەیە و ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە قسە و گوفتارێکی زۆر هەیە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبێتە هۆی ناکۆکی و ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی خێزانەکان لە یەکتر جیاببنەوە بەبێ هیچ هۆکارێکی باش یان بۆ تێگەیشتنێکی هەڵەی دوور و درێژ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە مرۆڤ بوونێکی ئاڵۆزە تۆ ناتوانیت چاوەڕوانی ئەوە بکەیت کە باسی چی دەکات، باشتر وایە خۆمان لەم دووکەڵییە دوور ببەینەوە، بەڵام ئەگەر ئێمە تەنیا بەرپرس بین و بەرپرسیارێتی ئەو شتانەی کە دەیڵێین بگرینە ئەستۆ، بەڵام کێ لە نێوانماندا دەیکات؟ پێموانییە تەکنەلۆجیا ببێتە هۆی لێک نزیکبوونەوە یان لێکهەڵوەشاندنەوەی بەسوود بۆ یەکجاری، ئەگەرێکە پشت بە هۆشیاری تاکەکان ببەستێت بەوەی دەیڵێت و پەراوێزی تێگەشتن دەگرێت کە تەکنۆلۆژیا تەنیا ئامرازە و بنەمایەک نییە لە بنیاتنان و بەردەوامی پەیوەندیەکان، وابزانم تەکنەلۆجیا بەشداری دەکات لە یەکپارچەیی ڕووکەشی خەڵک. (شبكات التواصل الاجتماعي تمزق الروابط الاجتماعية. ملحق شباب الخليج, العلاقات الاجتماعية تصارع التكنولوجيا في نفوس الشباب, بعضهم يكتفي بأصدقائه)

کاتێک تۆ لەوانەیە هەموو شتێک فێر بیت دەربارەی ژیانی فلین و ئەوەی کە دەیکات، نازانیت هەست و کردارەکانی چی بوون؟ زمانی جەستەیی چۆن بوو؟ ئایا ئەو سنووری لەشجوانی خۆی پاراستووە و توانیویەتی مامەڵە لەگەڵ دوژمندا بکات؟ چۆن دەتوانێت تەماشای ئەوانەی دەوروبەری بکات چاک بێت یان خراپە و ڕقی لێ بێت؟ چۆن دەتوانێ دەستەکانی لەسەر دەوروبەری بێت؟

هەرگیز لەبیرمەکە جەستە گرینگییەکی زۆری هەیە لە پەیوەندی کردندا.

## هۆکاری دووەم: لاوازبوونی باوەڕ (ئیمان) و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا بابەتی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان گرینگی و باسێکی زیاتری پێدەدرێت و وەلێکۆڵینەوەی زیاتری لەسەردەکرێت و بۆتەبەشێک لەزانست و خوێندن و بابەتی پەروەردەیی، لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان و شارستانیەتدا ئەویش پێشدەکەوێت، وەبناغەی خێزان لەسەر پەروەدەیەکی ساغ و ڕێک بنیات دەنرێ، وەلەو ڕێگەیەوە تێگەیشتنمان بۆ کێشە سەرەتاییەکانی خێزان و هاتنەدونیای منداڵ و گەورەبونی خێزان و باشترو ڕونتر دەبێت، وەلێکۆڵینەوە لەدیاردە و خوەکانی تاک و دیاردەی جۆری بیرو باوەڕو ئاین و نەتەوە و فەرهەنگ و چینایەتی کۆمەڵگە و جۆری بیرکردنەوەی تاک، ئەوا پێویستی بە هۆشیاری و زانست و چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئەم جیاوازیانە و ئەم هەموو لق و پۆپە دا هەیە.

وەهەموو لێکۆڵینەوە و دیراسە و بەدواداچونەکان ئەوەیان سەلماندوە کەمرۆڤ بەسروشتی خۆی کائینێکی کۆمەڵایەتیە و بەتەنیا ناتوانێت هەڵکات و بژیت، وەپێداویستیە تاک و گشتیەکان پاڵی پێوەدەنێت بۆ بنیات نانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، بۆ بەدیهاتنی خواستەکانی و ڕێکردنی کارەکانی، زانستی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوە لەپەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دەکات لەسەر ئاستی تاک یاخود دامەزراوە بەرژەوەندیە دونیاییەکان بەتەنها، ئەم زانستە لەڕێگای خۆی دەتوانێت خزمەت بکات بەڵام تەنها لەڕوانگە دونیاییەکە و بەجولانی هەستی مرۆڤایەتی و هاوکاریکردن، بەڵام ئێمە لێرەوە ئاماژە بەخاڵێکی گرنکتر دەدەین بۆ گرینگی دان بەپەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان ئەویش لەڕوانگەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە کەبزانین چەندە گرینگی بەم بوارە داوە و لەقورئان و فەرموودە چۆن باسکراوە و وەچ جۆرە سزا و پاداشتێکی داناوە بۆ هاندانی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ زیاتر گرینگیدان بەم بوارە و دەست پێوەگرتنی ، وە شەریعەی ئیسلام کۆمەڵێک ئاداب و ڕێکخستنی داناوە لەم بوارە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی تەندروست ئەم پەیوەندیانە بەردەوامیان هەبێت، لەسەروی هەمویانەوە زاتی ناخی مرۆڤی کردۆتە چاودێر بەسەر خۆیەوە بۆ تەواو کردنی ئەم پەیوەندیە، وە پارێزگاری لەکۆمەڵگە دەکات لەجیایی و گرۆپ و دژایەتی، لێرەوە لێکۆڵینەوەیەکی سادە دەکەین بۆ سەلماندنی وتەکانی سەرەوەمان.

یەکەم / گرنگی بنیات نانی پەیوەندیەکۆمەڵایەتیەکان لەڕوانگەی ئاینی ئیسلامەوە ،، وەک چۆن خوای گەورە ئاماژەی پێداوە لەقورئانی پیرۆز سورەتی حجرات ئایەتی 13 (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ). (منصور زياد, الصياغة الإسلامية لعلم الاجتماعي الدواعي والمكان, ص79)

واتا ئەی گرۆی ئادەمی (بەبێ جیاوازی ئاین و کەلتورو زمان و ڕەنگ) ئێمە ئێوەمان دروستکردوە لەژن و پیاو وەلە کۆمەڵە و نەتەوە و خێڵ بۆ یەکترناسین و دروستکردنی پەیوەندی، ئەوەی تەقوادارو پارێزکارە ئەو لای خوای گەورە ڕێزدارە ، خوای گەورەش زاناو لێزانە.

ئەم ئایەتە پیرۆزە وامان پێ دەڵێت کەمرۆڤەکان ناتوانن بەتەنیا بژین و دوور لەهاوشێوەی خۆی کەمرۆڤە ، جا ئەو مرۆڤە لەهەر قەبیلەو گرۆپ و نەتەوەیەکی جیاوازبێت.

## جۆرەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لەئیسلامدا

قورئـانی پیـرۆز و فەرموودەکـانی پێغەمـبەر درودی خـوای لەسـەر بۆیـان ڕونکـردوینەوە چـۆن پەیوەندیەکان بپارێزین و بەردەوامیان پێ بدەین وە پلە بەندیەکیشیان داناوە بۆ گرینگیدان بەم پەیوەندیانە لەوانە:

یەکەم / پاراسـتن و گرینگیـدانی زیـاتر بە دایـک و بـاوک ، چـونکە ئیسـلام گرینگیەکـی تەواوی داوە بەخێزان و پاراستنی و تۆکمەیی و ڕێـزو خۆشەویستی لەنێوان ئەندامانی خێزان ، وەپلـەی دایـک و باوکی لەسەروی ئەم ڕێزبەندیە دانـاوە، وەک چۆن خـوای گەورە لەدوای هەموو ئەو ئایەتـانەی بـاس لەگوێڕایەڵی زاتی خۆی دەکـات لەدوای نـاوی زاتـی خـۆی یەکسـەر نـاوی دایـک و بـاوک دێنـێ وەک دەفەرموێت:

وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا ۚ إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَا أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا

خوای گەورە بەشێوەیەکی زۆر ئەدەب و جوان ڕەفتار فێرمان دەکات کەلەدوای خۆی چـۆن گـوێڕایەڵی دایک و بـاوک بـین و تەنـانەت لەکـاتی پیـری و بـێ تـاقەتی و نابێـت کەمتـرین نـارەزایی بەرامبەریـان بەکاربێنین.

فەرمووده و ئایەتی تر زۆرن لەم بـوارە بەڵام ئەم ئـایەتە بەڕونـی و ڕاشـکاوی چوارچێوەیەکی بـۆ ئەم پەیوەندیە داناوە.

دووەم / پەیوەندی لەگەڵ ئەوانەی پێیان دەڵێن چوارچێوەی سیلەی ڕەحم کە هەموو خوشک و برا و مـام و خاڵ و پـور و ئـامۆزا و کەسـوکار و خـزم و دۆسـتان دەگـرێتەوە کەئەوش گرنگـی تـایبەتی پێـدراوە پاداشتی بۆ جێ بەجێکاران دانراوە وە سزاشی بۆ ئەوانەی دەست بەرداری دەبن، وەک چـۆن پێغەمـبەر درودی خوای لەسەر دەفەرموێت:

( عن عائشة رضي الله عنه، عن النبي ﷺ أنه قال: «الرحم متعلقة بالعرش تقول: من وصلني وصـله الله، ومن قطعني قطعه الله )

سۆز و بەزەیی خوای گەورە بەستراوە بەعەرشی خوای گەورە ئەوەی بیگەینی خوای گەورەش سۆزی خۆی دەگەینێ، وەئەوەیش بیپچڕێنێ خوای گەورەش سۆزی خۆی دەپچڕێنێ.

تەنانەت ئیسلام فەرمـانی کـردوە بە گەیانـدنی پەیوەنـدی و سـۆزو ڕوحـم بە بـراو باوکێـک کەبڕوایـان بەخوای گەورەش نیە. (فیاض, حسام الدين, العلاقات الاجتماعية, ص2)

سـێیەم / پەیوەنـدیە کۆمەڵایەتیەکـان لەگەڵ کـۆمەڵگە، ئـاینی پیـرۆزی ئیسـلام ئامـاژەی بەوەداوە کەموسڵمانان خوشـک و بـران و وەپێغەمـبەریش دەفەرموێـت درودی خـوای لەسـەر کە هەمومـان لەئادەمین ئادەمیش لەخۆڵە.

وە لەقورئـان و فەرمـودەدا ئامـاژەی زۆر دراوە بە پاراسـتنی پەیوەنـدی لەکۆمەڵگـادا، وەک پێشـتر ئاماژەمان پێکـرد تەنـانەت بـاس لەدروسـتکردنی پەیوەنـدی دەکـات لەنێـوان نەتەوە و گـڕوپ و تیـرە و ڕەنـگ و دەنـگە جیاوازیەکـان بـۆ یەکتـر ناسـین و گـۆڕینەوەی بەرژەونـدی هـاوبەش و هاوکـاری یەکترکردن و نەهێشتی ستەم و شەڕ و ئاژاوە.

چونکە گەروانەکەین ئەوا کۆمەڵگە ئەوسا دەبێتە کـۆمەڵگەیەکی ناتەندروسـت و نەخـۆش و نائاسـایی، لەدواجـار دەبێـت هەمـوو تاکەکـانی کـۆمەڵگە بـاجەکەی بـدەن و ژیـانێکی تاریـک و پـڕ لەنەخۆشـی و مەترسی بەڕێ دەکەین، بۆیە پاراستنی و برەو دان بەپەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لەناو کـۆمەڵگە بەگشـتی خاڵێکە دەبێت بە گرینگیەکی زۆرەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و هەوڵی بەرەو پێشبردنی ببرێت.

بەتایبەت لەناو کۆمەڵگەی کوردی ئەم دیاردەیە سوپاس بۆخوا تائێستا پارێزراوە، وەک بینیمان لەکاتی ماڵویرانی و ئاوارەبونی ملیۆنان خەڵکی سڤیل و ئاوارەی سوری و عەرەب و خوشک و برا ئێزیدیەکانمان چەندە بەگوڕوتینەوە گەلی کورد بەدەمیانەوەبون و تاڕادەی کردنەوەی ماڵ و مزگەوت و قوتابخانە و تەنانەت جل و بەرگی تایبەتی تاک و بەخشینی ماڵ پێیان چەندە سەلماندی کە گەلێکی خاوەن پارێزگاری پەیوەندی و پاراستنی بەها ئەخلاقیەکانین کە بوە جێگای دڵخۆشی و پتەوبونی خۆشەویستی نێوان تاکەکان.

چوارەم / تێرکردنی خەڵکی هەژار و برسی

یەکێکی تر لەم خاڵانەی ئاینی ئیسلام گرینگی پێداوە جەختی لەسەر کردۆتەوە ئەوەیە کە خەڵکانێک هەن برسی و هەژار و روتن پێویستە کۆمەڵگە بەگشتی ئەوانەی هەستی بەرپرسیارەتیان هەیە بەتایبەت بەدەم ئەم گرویەوەبن و هەست بەجیاوازی چینایەتی و پلەبەندی ناو کۆمەڵگە نەکەن و وایان لێبکەن کەبزانن پەیوەندیەکان بەردەوامن و سۆز و خۆشەویستیان بۆ دەربڕێت، وەخوای گەورە ئاماژەی بەم خاڵەداوە لەقورئانی پیرۆز و وەفەرموودەی زۆر لەم ڕووەوە هەن بەڵام ئێمەتەنها یەک ئایەت وەکو بەڵگە دێنینەوە کەوا دەزانم بەسە بۆ گەورەیی ئەم کارە.

خوای گەورە دەفەرموێت ( وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِ مِسْكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا) سورەتی الانسان ئایەتی ٨ . ( الطبراني, مكارم الأخلاق, ج1, ص373)

پێنجەم / بازدان لەسەر ناخۆشیەکان و دڵ ئێشان

وەک سروشتی مرۆڤ وایە بەتێکەڵ بون و کارکردن پێکەوە خاڵی جیاوازیش ڕودەدەن لەنێوان مرۆڤەکاندا، پێویستە ئێمەی تاک زاڵ بین بەسەر خاڵە ناکۆکیەکانمان و کارلەسەر خاڵەهاوبەشەکان بکەین و نەگەڕێینەوە بۆ کاتی دڵ ئێشان و قسەی نەشیاو کەوادەکان پەیوەندیەکانمان لاوازبکات و ڕێزو خۆشەویستیمان لا کەم بکاتەوە.

شەشەم / لادانی کۆسپەکانی بەردەم بەرامبەرەکانت و هاوکاریکردنیان جۆرێکە لە پتەوبونی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان.

زۆرجار بۆدروستکردنی پەیوەندیەکی دروست و ساغ وەک ئەوەی ئاین باسی کردوە و لەفەرمودەدا هاتوە، ئەوادەبێت هاوکاربیت لەلادانی کۆسپ و تەگەرەو ناخۆشیەکانی سەر ڕێگای خوشک و براکانت، وەک پێغەمبەر درودی خوای لەسەر دەفەرموێت

( من نفس عن مؤمن كربة من كرب الدنيا نفس الله عنه كربة من كرب يوم القيامة ) واتا هەرکەسێک کۆسپێک لەکۆسپەکانی دونیا لەسەر ڕێگای موسڵمانێک لابدات، ئەوا خوای گەورە کۆسپێک لەکۆسپەکانی ڕۆژی دوایی لەسەری لادەبات، ئەوە باشترین هاندانە بۆ هاوکاری و دەستگرتنی یەکتری و پتەوبونی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، یاخود دەفەرموێت

(والله في عون العبد ماكان العبد في عون اخيه )

واتا خوای گەورە دەستگرو هاوکاری بەندەکەیەتی مادەم بەندەکە لەهاوکارو دەستگری براکەیەتی ، (الهزايمة, لؤي عباس, الجانب الاجتماعي في كتاب الأدب من صحيح الامام البخاري, مجلة البيان, العدد 161, ص12)

**هۆکاری سێیەم: گەشەکردن و پێشکەوتنی لایەنی ماددی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان**

ئاساییە گەربڵێین زانستی ئابوری بەشێکی گرنگی زانستی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیە، چونکە ئەم زانستە لێکۆڵینەوە لەهەڵسوکەوتی ئابوری مرۆڤەکان دەکات لەلایەک وەلەلایەکی تر سروشتی داهات و خەرجی دیاری دەکات، کەئەوەش کاردەکاتە سەرجۆری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و بوارە جیاوازیەکانی زانستی کۆمەڵناسی لەهەموو بوارەکانی دا.

وەئەوەش هۆکارێکی سەرەکیە کە زانستی کۆمەڵناسی پێی دەناسرێتەوە، وەهەروەها هەڵسوکەوتی ئابوری بەریمان ناکات لەکاریگەری رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و رەوشت و تەنانەت دەرونیش لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، بەڵام دەتوانین بڵێین بەشی ئابوری کاریگەریەکی گەورەو راستەوخۆی دەبێت لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان. (( لیونیل روبنز ) في مقالة نشرها عام 1932م).

دیارە لە لێکۆڵینەوەی ئابووریدا تیشک بخەینە سەر لایەنی ئابووری وەک دیاردەیەکی سەربەخۆ لە خۆیدا و لە خێزانە کۆمەڵایەتیەکەی جیای بکاتەوە، ئەم جۆرە سەربەخۆییە ئابووری دەکاتە زانستێکی دیندار و نەک زانستێک کە گرنگی بە هەڵسوکەوتی مرۆڤ بدات، بەم شێوەیە بیرکاری دوای ئاڵۆزی میتۆدی زانستی دێت کە زۆربەی ئابووریناسان هەوڵ دەدەن کارەکتەرێکی زانستی ورد بدەن بە بیردۆزەکانیان بۆ نموونە شیکردنەوەی ئابووری لەسەر بەکارهێنان، پرۆسەیەکی رەفتاریی، حەزدەکات یاسا و هاوکێشەکان پەرە پێبدات کە ناپێویستن، چونکە ئینتیقییە پێویستی بەو هەموو ئاڵۆزییە نییە، تێچووی بەکارهێنانی سی یەکسانە بەbp یکی زیادە و بەو مانایە دێت کە بەکارهێنان یەکسانە بە داهاتی خۆکار (زیادکردن) بەکاربردنی ئۆتۆماتیکی، واتە بەهایەک واتە بەکارهێنانی ئۆتۆماتیکی واتە ئەو پیاوە ئەم بەهای بیرکارییە بە شێوەیەکی بەرچاو بۆ هەموو مرۆڤێک دێت تەنانەت ئەگەر لە بواری ئابووریش نەخوێندبێت ئەوە روون دەکاتەوە کە بۆچی بازرگانە بەئەزموونەکە زیاتر ئاشنایە بە بازاڕەوە لە خوێندکارە ئابووریەکە، چونکە ئەو زانیاریانەی کە ئاڵۆز دەکات خوێندکارێکی ئابووری مانای ئەوەیە کە مامناوەندی بازرگانەکە زانیاری ئینتیقی هەیە بۆ ئەوەی لە رێگەی ئەزموونی پراکتیکییەوە پەیدای بکات و پێویست ناکات ئابووری بەم شێوەیە بەردەوام بێت. ( القاموس الاقتصادي - حسن النجفي - مطبعة الإدارة المحلية - بغداد 1977).

شیکردنەوەی ئابووری لەسەر سێ شێواز بۆ پەرەپێدانی تیۆری ئابووری دانراوە:

-شێوازی وەسفی، کە زارەکییە

-شێوازی بیرکاری پەیوەندی کرداری نێوان گۆڕاوەکانی ئابووری دیاری دەکات.

-شێوازی پێوانەیی هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی چەندێتی نێوان گۆڕاوەکان

ئەم سێ شێوازە تیۆری ئابووری بەرهەم دەهێنن کە لەلایەن ئابووریناسانەوە بە تایبەتی شێوازی بیرکاری و پێوانەیی هەڵگیراون ئێمە ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە تەوەرێک هەیە لە ئابووریدا پێویستی بە لێکۆڵینەوەی دیجیتاڵی هەیە، وەک سەرمایە و بەرهەمهێنان کە کۆمپانیا و دامەزراوە دارایییەکان بەکاریان دەهێنرێت، چونکە گوتمان ئابووری هەڵسوکەوتی مرۆڤ و سامان دەخوێنێت لایەنی سامان لایەنێکی ماددییە کە بە دیجیتاڵی دەخوێندرێتەوە، بەڵام هەڵسوکەوتی مرۆڤ بۆی قورسە بۆ ژمارەدانان و یەکسانکردن، کێشەکەمان لەم رووەوەیە.

چونکە ئەو تەورانەی کە ئابووریناسان دەگۆڕێن بە هاوکێشەکان کە ئێمە بە ناپێویست دەزانین ئابووری لەم دۆخەدا دەبێت بەشێک بێت لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان. ( الاقتصاد الإسلامي في ضوء الشريعة الإسلامية - محمود بابلي - الرياض - مطبعة المدينة المنورة - الطبعة الثانية - 1395هـ/1976م - صفحة 15).

تۆماس پیکتی ئابووریناسی گەنج دەڵێت: "بە راشکاوی دەیڵێم، ئەو هێشتا لەسەر ئابووریە دوای زاڵبوون بەسەر سۆزی منداڵییەکەی بۆ بیرکاری و بیردۆزی بێگەرد، کە عادەتەن زۆر ئایدیۆلۆژییە

لەسەر حسابی توێژینەوەی مێژوویی و هاوکاری لەگەڵ زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تر، ئابووریناسان عادەتەن زۆر سەرقاڵن بە کێشە بیرکارییە لاوەکیەکان کە بۆ ئەوانی تر گرنگن ئەم خولیایە بە بیرکاری ڕێگایەکی ئاسانە بۆ پەیداکردنی دەرکەوتنێکی زانستی بەبێ ئەوەی پێویست بکات وەڵامی پرسیاری زۆر ئاڵۆزتر بداتەوە کە ڕووبەڕووی ئەو جیهانە دەبێتەوە کە تێیدا دەژین و برەو بەپەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دەدات.

سەرەڕای ئەوەش تیۆری ئابووری چەمکە ناوەندییەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا پشتگوێ دەخات، وەک یەکسانی و فراوانبوونی بۆشایی نێوان دەوڵەمەند و هەژار، پەرەسەندن و کەلتوورە کۆمەڵایەتیەکان و ململانێی سەروەتی و سامان و چەمکە تیۆرییەکانی تر کە بوونی ڕاستەقینەیان هەیە لە جیهاندا بەڵام لە تیۆری ئابووریدا ون بوون، قەیرانی هەژاری جیهانی، یان بە پێی ئەو هەژارییە، هەروەها دوای ڕووخانی دەوڵەتە ئەورووپییەکان، بە تایبەتی دوای جەنگی جیهانی دووەم، پێدەچێت لە وەڵامی ئەو قەیرانانەی کە بەهۆی جەنگەوە ماون. (الاقتصاد السياسي أسس ومبادئ - خالد الحامض - منشورات جامعة حلب - كلية الحقوق - طبعة سنة 1416هـ /1995م)

لێکۆڵینەوەکانی پەرەپێدان بدات، ئەوەی جێی سەرنجە زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەپێی پەرەسەندنی ناوەندگەرایی و ئەوروپا و ئەمریکا گەشە دەکەن و بەشی دیکەی جیهان دەخوێنن و لەوەش زیاتر کاتێک کۆلۆنیالیزم زانیاری بەرهەمهێنا جیهان بەرهەم دەهێنێتەوە، ئەو ئەویتری بە پێی دیدی خۆی بەرهەم هێنایەوە و پێناسەی کرد و هەروەها تیۆریی ئابووری گەشەسەندن لە بازنەیەکی خراپدایە و هەموو ئەو دامەزراوە ئابوورییانەی کە لەم کاتەدا دروستکراون و دیارترینیان بانکی جیهانی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتین هەنگاوی هەژاربوون و بەرهەمهێنانی قەیرانی نوێ وەک قەیرانی قەرز و قەیرانی چاککردنەوەی پێکهاتەیی خێراتر نەکردووە.

کەواتە تیۆری ئابووری کە لە لایەن جۆن مەینارد کینز بەرهەمهێنراوە لە کاتی خەمۆکی گەورە، ئاماژە بە قەیرانی سەرمایەداری دەکات کە لە لایەن ڕژێمە سەرمایەدارییەکانەوە دروست بووە کە بە تایبەتی کێشەیەکی ئەورووپییە و ئەو یاسایانەی کە کینز پێی گەیشتووە مانای ئەوە نییە کە ئەوان یاسان کە هەموو دەوڵەتەکان دەپۆشن.

لەسەر ئەم بنەمایە جارێکی تر داوای دووبارە تاقیکردنەوەی ئەو تیۆرییە مەعریفییە دەکەین کە لەلایەن ئابوورییەوە وەک زانستێک کە خزمەتی کۆمەڵگا ناسەرمایەدارییەکان دەکات و چارەسەری عەقڵانی پێشکەش دەکات کە ئەو قەیرانانەی کە سیستەمە سەرمایەدارییەکان دروستیان کردووە. ((عمر علي باشا) كاتب صومالي ماجستير في الاقتصاد والعلوم)

**هۆکاری چوارەم: هۆیەکانی ڕاگەیاندن کاریگەری لەسەر لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان**

لەکاتی ئێستادا توانامان لە پەخشکردنی پەیامەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و لە ڕووبەری فراواندا، جێی سەرسوڕمانە. لای ئێمە وروژاندنی مانای وێکچوو لەلایەن ملیۆنان کەس لە یەککاتدا، کارێکە پێی ئاشناین، بەشێوەیەک بە ئاسانی دەکرێ بەبێ بایەخ سەیری بکەین. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی ئەمڕۆ دەیکەین، کاتێک، کە ڕۆژنامەیەک هەڵدەدەینەوە یان میلی ڕادیۆیەک دەسوڕێنین یان دەچینە سینەما یان تەماشای تەلەفیزیۆن دەکەین، بەڕاستی ئەمانە مانای گۆڕانی گەورە و نائاساییین لە ئاکاری گەیاندنی مرۆییدا، ئەگەر هاتوو لە چوارچێوەی ژیانی مرۆیی و ئەوەی لە سەردەمی پێشینەکاندا باو بوو چاومان لێکرد.

لەگەڵ هەبوونی لێکۆڵینەوەی سەخت و خۆماندوکردنی شیکاری نایاب، ئەوانەی زاناکانی گەیاندن لە ماوەی نیو سەدەی ئەم دواییە ئەنجامیانداوە، بەڵام ئێمە دڵنیا نین لەوەی ئەم گۆڕانانە چ مانایەک دەدەن. چۆن کاریگەرییان بەسەرمانەوە دەبێ لە هەردوو ئاستی تاک و کۆمەڵگە، یان چۆن شێوەی

داهاتوومان دیار دەکەن. بە مانایەکی دیکە، ناوەڕۆک و کاریگەری و ئاکامی ئەم پێشکەوتنە مەزنەی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن ئێستاشی لەگەڵدابێ بە تەمێکی لێڵ دەوردراوە، بەڵام لەم قۆناغەدا بەڕوونی دەردەکەوێ، کە ناوەندەکانی ڕاگەیاندن کاریگەری زۆریان لەسەر جەماوەر هەیە، هەروەک بە گشتی کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگەدا هەیە، بەڵام ئەوەی ئێمە بەتەواوی لێی تێناگەین ئەوەیە، ئەم کاریگەرییە چۆن و تا کوێ بڕ دەکات.

لێرەدا باس لە هەریەک لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و زیانەکانی دەکەین:

تەلەفزیۆن و کەناڵە ئاسمانییەکان: بەهۆی ئەو پێشکەوتنەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هاتە کایەوە، یەکێک لەمانە دەرکەوتنی کەناڵە ئاسمانییەکان بوو. دامەزراندنی ئەم کەناڵانە کاریگەری هەبوو بەسەر کۆمەڵگا و گۆڕانی جۆراوجۆری بەسەردا هێنا، ئەم گۆڕانەش هەم لایەنی باشی هەبوو هەم لایەنی خراپ کە لێرەدا باس لەو کاریگەرییە خراپە دەکەین کە بەسەر تاک و کۆمەڵگادا هاتووە. تەلەفزیۆن کاریگەری خراپی بەسەر خێزانەکان هەیە کە لەکاتی ئێستادا زۆرێک لە تاکەکان زۆربەی کاتەکانیان تەرخان دەکەن بەدیار ئەم فیلمە دۆبلاژکراوانە کە ئەمەش چەندین جار بۆتە هۆی جیابوونەوەی خێزانەکان و هەڵوەشانەوەی ئەو پرۆسەیە، چونکە بووەتە هۆی گواستنەوەی کلتووری ئەو وڵاتە بۆ ناو کۆمەڵگای کوردی کە لەگەڵ کلتووری ئێمە ناگونجێت، هەروەها یەکێکی تر لە کاریگەرییە خراپەکانی ئەو کاتە زۆرەی کە بۆی تەرخان کراوە وا لەو خێزان و هەموو تاکەکان دەکات کە بێ ئاگا بن لە یەکتر ئەو پەیوەندییەی نێوانیان لاوازبێت بۆ نموونە باوک بێ ئاگابێت لە منداڵەکەی یان منداڵ لە باوک ئەمەش یەکێک بوو لەو هۆکارانەی بووەتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

یەکیک لە ئامرازەکانی تر ڕادیۆ: ئەمەش کاریگەری نەرێنی هەبوو بەسەر کۆمەڵگا بەڵام بەکەمی هەروەها ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیش ئەمانە لەگەڵ سەرهەڵدانیان گۆڕانی جۆراوجۆریان هێنا کایەوە بەڵام بە ئەندازەی تەلەفزیۆن و کەناڵەکان زیانی بەسەر تاک نییە.

یەکیکی تر لە زیانەکانی کاریگەری بەسەر منداڵ کە وا لە منداڵ دەکات هەر لە تەمەنی منداڵییەوە کاریگەر بێت بە کلتووری نەتەوە جیاوازەکان، وا دەکات دوور بکەوێتەوە لە هەموو تێکەڵ بوونێک و پەیوەندییەک، تەنانەت لەناو خێزانی خۆیشی دا وە ئەو کاتەی بەفیڕۆ دەدات بەدیار سەیرکردنی تەلەفزیۆن، ئەمانە هەموو بوەتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندییەکان. (شیروان/ ٢٠١١).

## بەشی چوارەم/ ڕەهەندەکانی توێژینەوە

1. **میتۆدی توێژینەوەکە:** شێوازی بیرکردنەوەیە و ڕێبازێکی کە توێژەر پشتی پێدەبەستێت بۆ ڕێکخستنی بیرکردنەوەکانی و شیکردنەوەیان و پیشاندانیان بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجام و ڕاستییە باوەڕپێکراوەکان لەبارەی دیاردەی بابەتی توێژینەوەکە کۆمەڵێک میتۆد لە بواری توێژینەوەی زانستە مرۆڤایەتییەکان بەگشتی و بواری کۆمەڵناسی بە تایبەتی هەن بەڵام بەکارهێنانی میتۆد بەپێی پێویستی توێژینەوەکە دەبێت لە ڕووی جۆر و ژمارە توێژەر دەتوانێ زیاتر لە میتۆدێک بەکار بهێنێ. (کامەران جوهەر/ ٢٠١٠).
بۆ ئەم توێژینەوەیە میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بە ڕێگای ڕووپێوی بەنموونە بەکارهاتووە.
2. **کۆمەڵگای توێژینەوە:** ئەو کۆمەڵە تاکە کەسە یان یەکەیەکە بابەتی توێژینەوەکە پێکدێنن و بەلای کەمەوە چەند تایبەتمەندییەکی هاوبەشیان هەیە لە هەر توێژینەوەیەکدا گشت ئەو تاکە کەس یان دۆخانە دەگرێتەوە وەک توێژەر دەیەوێت ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی بەسەریاندا بگشتێنێت. (شوانی/ ٢٠١٥).
کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە گەڕەکەکانی سەنتەری شاری هەولێر

بە تێگەیشتن لەو پێناسەی باسکرا کۆمەڵگای توێژینە بریتییە لە گشت ئەو یەکانەی لە سنووری بابەتی توێژینەوەکە توێژەر زانیارییان لەسەر کۆدەکاتەوە، لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵگای توێژینەوە بریتییە لە دوو گەڕەکی نیشتەجێبوون لە شاری هەولێر.

3. **نموونەی توێژینەوە:** بریتییە لە گروپە تاکێک یان یەکەیەک لەناو پێکهاتەکی گەورەتر و فراوانتردا هەڵدەبژێردرێن و هەمان خەسڵەتی کۆمەڵگای توێژینەوەکەیان هەیە. (شوانی/ ٢٠١٥).
بۆ نموونەی توێژینەوەکەش بەهۆی زۆری ژمارەی گەڕەکەکان و یەکەکان توێژەر پەنادەباتە بەر نموونە وەرگرتن لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، بۆ ئەم مەبەستە پشت بە دوو شێوازی نموونە وەرگرتن بەشتراوە . یەکەمیان هەڵبژاردنی گەڕەکەکان بە شێوەی مەبەستدار لەناو کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا، هەروەها دووەم هەڵبژاردنی نموونەکانی توێژینەوەکە بەشێوەی هەڕەمەکی هێشوویی لە ناو گەڕەکەکان.

لەم توێژینەوەیەدا بەهۆی زۆری ژمارەی یەکەکانی توێژینەوەکە و نەبوونی کاتی پێویست پەنا براوەتە بەر نموونە وەرگرتن لە کۆمەڵگای توێژینەوەکەدا.

**لیستی سەرچاوەکان**

١- زێباری، تاهیر حەسۆ و شوانی، محمد حسنین (٢٠١٣)

دەروازەیەک بۆ کۆمەڵناسی . سلێمانی: چاپخانەی سەردەم

٢- خەیری خەمەش، مەبدەدین عومەر (٢٠١٢)

کۆمەڵناسی بابەتی میثۆد . هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

٣- کۆمەڵایەتی، ٩،٢٠١٠،July گوڵان میدیا

٤- زبید، منصور الصياغة الاسلامية للعلم اجتماع الدواعي والمكان, ص 79

٥- زێباری، تاهیر حەسۆ و شوانی، محمد حسنین (٢٠١٣)

دەروازەیەک بۆ کۆمەڵناسی . سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.

٦- خلیل معین (٢٠٠٧)

کۆمەڵناسی خێزان . دهۆک: چاپخانەی خانی

٧- زێباری، تاهیر حەسۆ و شوانی، محمد حسنین (٢٠١٣)

دەروازەیەک بۆ کۆمەڵناسی . سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.

٨- حوسێن، محمد تەها (٢٠٢١)

سایکۆلۆجیای پەیوەندی

٩- الغزوي، فهمي سليم و فذاعلة، عبدالعزيز على و عمر، معن خليل و البنوي، تايف عـودة و الطـاهر، جنان كامل (٢٠٢٠)

چاپخانەی مێخەک

١٠- متى ظهر الفيسبوك في العالم ، ويكليبيديا

١١- بقلم مارك فيسكيتي

بتاريخ 12 ديسمبر 2016

التكنلوجيا و علاقات الاجتماعية

١٢- شيري توركل. عالِمة متخصصة في علم الاجتماع.

مكان العمل: معهد ماساتشوستس للتكنولوجيا.

اسم الكتاب: كيف يتفاعل الناس مع التكنولوجيا وكيف يؤثر ذلك على العلاقات الإنسانية.

١٣- شبكات التواصل الاجتماعي تمزق الروابط الاجتماعية.

ملحق شباب الخليج

العلاقات الاجتماعية تصارع التكنولوجيا في نفوس الشباب

بعضهم يكتفي بأصدقائه.

14- (منصور زياد, الصياغة الإسلامية لعلم الاجتماعي الدواعي والمكان, ص79)

15- (فياض, حسام الدين, العلاقات الاجتماعية, ص2)

16- ( الطبراني, مكارم الأخلاق, ج1, ص373)

17- (الهزايمة, لؤي عباس, الجانب الاجتماعي في كتاب الأدب من صحيح الامام البخاري, مجلة البيان, العدد 161, ص12)

١٨- زێباری و شوانی / ٢٠١٢ : ١٥٠

١٩- الغزوي و فذاعلة وعمر والبنوي والطاهر (٢٠٢٠)

٢٠- حوسێن ٢٠٢١

٢١- ( ليونيل روبنز ) في مقالة نشرها عام 1932م

٢٢- القاموس الاقتصادي - حسن النجفي - مطبعة الإدارة المحلية - بغداد 1977.

٢٣- الاقتصاد الإسلامي في ضوء الشريعة الإسلامية - محمود بابلي - الرياض - مطبعة المدينة المنورة - الطبعة الثانية - 1395هـ/ 1976م - صفحة 15.

٢٤- الاقتصاد السياسي أسس ومبادئ - خالد الحامض - منشورات جامعة حلب - كلية الحقوق - طبعة سنة 1416هـ /1995م

٢٥- عمر علي باشا

كاتب صومالي ماجستير في الاقتصاد والعلوم